# فەوزی

پێش ئەوەی تـارای بووکێنیەکـە لـە سـەر ڕوومـەت لابـەن ، ئەنـدازەی جوانیەکـەی بـۆ ئامـادەبوان دەرکەوت، بۆ ئەوەی بیرمان نەچێتەوە دەبێ ئەوەش بڵێین لەگەڵ گەیشتنی کاروانی ئەسپ سوارەکانی هێنانی ئەودا (فەوزی) جاحێڵەکان بەکیژو کوڕەوە ڕەشبەڵەکێکی بێوێنەیان دەگێڕا، نامیق جارێک شمشاڵ و جارێک جووزەلەی لێدەداو جارناجارێکیش دەبوە چۆپی کێش و دەستە سرِی عاشـقانەی خـۆی بـادەدا، لەپڕێکا ڕەشبەڵەک خامۆش و ئامادەبوان بێماڵئاوایی بەرەو بن پەساری ماڵەکان دەگەڕانەوە، حەمە جانە شێتی بنەی خەپەکوێر بەخۆی و مەسینە مسەکەی سەر شانیەوە گەیشتە ناو دێ و لەبەر خۆیەوە قـسە دەکا:

دەی کوڕینە هەڵپەڕن و جووزەلە لێبدەن..،

ئەم ڕەشبەڵەکە دوا دیدارو دوا هەناسەی فەریحیتانە..

مەڵێن حەمەجان شێت و پەتەڕییە،

من لەئاسمان و لای خوای تەعالاوە دێم کەستان بۆ ئەبەد یەکتری نابیننەوە..

ئیتر ڕەشبەڵەک چیان وەک ئەوەی یەکتریان نەدیبێ و نەناسن بەترسەوە تەماشـای یـەکتر دەکـەن و ڕەنگ لەڕووخسارياندا نامێنێ، پووره باشە لە بەردەلانی حەوشەوە سەر دێنێتە دەرو دەڵێ:

حەمەجان حەمەجان هۆۆۆۆۆۆووووو..

ئەوەچیە بێقەزابی گەرەکتە شایی و ڕەشبەڵەکەکە تێک بدەی ، بێ بۆ ئەیرە پڕ یـەک قـاپ قاورمـەم بۆت شاردوەتەوە، حەمەجان وەک ئەوەی هەستی بەوە کردبێ باشە دەیەوێ قسەکانی پێببڕێ ، دەنگی بەرز کردەوەو ووتی: گوێ بتەکێنن باشە من بەشێت و خۆی بەعاقڵ دەزانێ، بەڵام هەیهوو هـەیهووو، من خوام بـەم دووچـاوەی خـۆم دیـوە و لەترسـا ڕەنگـی لـەکاراب زەردتـرە، بیکـووتن ڕەشـبەڵەکێک لەئاواییەکەماندا نەکرابێ، دواجارەو باشە قسەکانی پێدەبڕێ و دەڵێ: حەمەجان ئەو دووکەڵەی لـەبنار بەرز بوەتەوە چیە؟